# <u>پرسیارەکانی وشەسازی</u>

١-ئەم پێناسەیە هەڵسەنگێنە: (مۆرفیم: بیرێکی نابەرجەستەیە و لە مێشکی مرۆڤدایە).

٢-مۆرفیمی "بەندی ڕێزمانی" چیە؟ بە نمونەوە وەڵام بدەوە.

٣- دو لە "مەرجەکانی وشە" بنوسە.

٤-(دەبێ مۆرفیم واتادار یان ئەرکدار بێ). ئەم بیرۆکەیە بە نمونەوە ڕون بکەوە.

٥-ئایا "با" لە وشەی (ڕەشە<u>با</u>) و (<u>با</u>ران) ئەلۆمۆرفی یەکترن؟ وەڵامەکەت لە ڕێگەی مەرجەکانی ئەلۆمۆرف بسەلمێنە.

٦-مۆرفیمە کاتەکانی ئەم کارانەی خوارەوە دەربێنە و جۆرەکەشیان بەرامبەر بنوسە:
(هەڵدەلەرزیم، هەتانە، بەربوبوەوە، دەڵێ، دانیشتوە)

٧-ئەم پاڕستەیەی خوارەوە لە چەند مۆرفیم پێکهاتوە و جۆری مۆرفیمەکانیش دیاری بکە:

(..مەگەر بۆ دۆخێکی نەگۆڕ).

٨-جیاوازی نێوان مۆرفیمی (بەند) و (سەربەخۆ) چیە؟

٩- (مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان بچنە سەر وشەکان). ئەم دیاردەیە بە نمونەوە ڕون بکەوە.

١٠- دو جیاوازی نێوان مۆرفیمی (بەندی وشەداڕێژ) و (بەندی ڕێزمانی) بنوسە.

١١- چۆن بە هۆی (دەمی ڕابردوی بەردەوام) کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ لەیەکتر جیا دەکەینەوە؟ ئاماژە بە کەموکوڕیەکەشی بکە.

١٢- ئایا "زۆر" لە وشەی (<u>زۆر</u>بەی) و (<u>زۆر</u>زان) ئەلۆمۆرفی یەکترن؟ وەڵامەکەت لە ڕێگەی مەرجەکانی ئەلۆمۆرف بسەلمێنە.

١٣- مۆرفیمە کاتەکانی ئەم کارانەی خوارەوە دەربێنە و جۆرەکەشیان بەرامبەر بنوسە:
(هەڵتۆقیوە، هەبووە، دەیانویست، هەڵدەچن، هەمانە).

١٤- ئەمانەی خوارەوە لە چەند مۆرفیم پێکهاتون و جۆری مۆرفیمەکانیش دیاری بکە:
(نەشمیلێک، گەر، نەبەز).

١٥-دو هۆکاری دروستبونی ئەلۆمۆرف بنوسە.

١٦- ئەم پێناسەیە (مۆرفیم جگە لە پێکهاتەی وشە، شتێکی دیکە نیە). هەڵبسەنگێنە.

١٧- (اندن) لە کوێدا مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژە و لە کوێشدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیە؟ بە نمونەوە

١٨- بەراوردی مۆرفیمی (سەربەخۆی ئەرکی) و (بەندی ڕێزمانی) بکە. بە نمونەوە.

١٩- (بە هۆی دەمی بکەردیاری و بکەرنادیاریەوە) کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لێک جیا بکەوە. بە نمونەوە.

٢٠- لە زمانی کوردی هەر کارێک چەند (ڕەگ)ی هەیە؟ بە نمونەوە.

٢١- لەم ڕستەی خوارەوە تەواوی مۆرفیمەکان دەربێنە و جۆرەکەشیان بەرامبەریان بنوسە:

-بە ئەسپێک دێهاتەکان بەسەردەکەمەوە.

٢٢- بە نمونەوە بەراوردی نێوان مۆرفیمی (سفر) (بۆش) بکە.

٢٣- بە نمەوە ئەم دەستەواژەیە: (وشە خاوەن ڕۆنانێکی یەکگرتوە). ڕون بکەوە.

٢٤- ئەم پێناسەیە شی بکەوە، (زمان بریتیە لەو ڕستانەی ڕێزمان دەریاندەکا).

٢٥- لەم پێناسەیە: (مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتادار یان ئەرکداری زمانە). چەمکی "ئەرکدار" بە نمونەوە ڕون بکەوە.

٢٦- جیاوازی نێوان "وشە" و "ئامراز" چیە؟

٢٧- ئەرکی سەرەکیی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ چیە؟ بە نمونەوە ڕونی بکەوە.

٢٨- ئەلۆمۆرفی دەنگسازی چیە؟ بە نمونە وەڵامەکەت ڕون بکەوە.

٢٩- جۆرەکانی وشەی تەواو چین؟

٣٠- بۆچی دۆزینەوەی مۆرفیم پێویست بو؟

٣١- بۆچی مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان ژمارەیان لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان زیاترە؟

٣٢- بۆچی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان چالاکترن؟

٣٣- ئایا ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندە، یان سەربەخۆیە؟

٣٤- مۆرفیمی بێهاوتا چیە؟

٣٥- مۆرفیمی لاواز یان پاشکۆ چیە؟

٣٦- "میا" لە وشەی (چیاو<u>میا</u>) و "وێت" لە وشەی (شێتو<u>وێت</u>) چین؟ بە نمونەوە ڕونی بکەوە.